# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و لاوان

خەلیل یابە کەریم

لەو کاتەی کە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە بەڕێزتان دەکەین و خوا حافیزی لە وەزیری پێشوو کاك فەلەکەدین کاکەیی دەکەین و داوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین، هیواداریین بەڕێزتان شوینەکەی ئەو پڕ بکەنەوە و ببنە مایەی خۆشحاڵی هەموو هونەرمەند و رۆشنبیر و وەرزشوانان بە کاری جوان و پوخت و ئاسانکاریکردن و پشتگیری هەموو ئەو چین و توێژانەی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرین، هەر چەندە ئێمە خۆم و هاورێیانم لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی هەولێر هەرگیز گلەییمان لە جەنابی وەزیری پێشوو نەبوو، چونکە هەردەم دەرگای لەسەر پشت بوو بۆ ئێمە و زۆرانی تریش، ووشەی (نا) لەلای بەڕێزیان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند و رۆشنبیرێکی زۆر گلەییان لە وەزارەتی رۆشنبیری هەبوو بەپێی ئەوەی زۆر جاران کارەکان لە خوارەوەی جەنابی وەزیری دەچەقی و هەندێ جار مامەڵە و پرۆژەکان هەر ون دەبوون، جەنابی وەزیری رۆشنبیری راستە کە دەڵێن وەزیر تەنیا رەمزە کارەکان کادیر و فەرمانبەرانی ناوەندی و خوارەوە دەیبەن بەڕێوە، بەڵام بەداخەوە ئەم ووتەیە تەواو نییە جەنابی وەزیر کۆڵەگەی وەزارەتە مونتەسیبەکان سەیری جەنابی وەزیر دەکەن، ئەگەر رەخاوەتی هەبێ خوا نەخواستا ئەوە کار دەکاتە سەر ئەدای سەرتاپای وەزارەتەکە، چەند ساڵ لەمەوبەر زنجیرە درامای (هەڵگەڕانەوە)مان لە وەزارەتی رۆشنبیری وێنەگرت من و کاك تەلعەت سامان و چەند ئەکتەرێك لە دەرگای وەزارەت وەستابووین جەنابی کاك فەلەك هاتە لامان بە قسە دیار بوو جەنابیشی تێبنی لەسەر هەندێك لە فەرمانبەران هەبوو هەڵیدای و گوتی لە وڵاتان وەزیر کەرە کوێرە لەبەر ئەوەی مونتەسیبەکان کارەکان بە چاکی بەڕێوە دەبەن، کەس گلەیی ناکا کەواتە وەزیر رەمزە، جارێکیان پێش شەش حەوت ساڵ خۆم گوێم لە فەرمانبەرێك بوو دەیگوت: ئەی هاوار داد و پێداد لەدەست هونەرمەند و رۆشنبیران بەڕاستی لە دەستیان بێزارین، منیش گوتم کاکی برا ئەی کارو پیشەی ئەم وەزارەتە چییە؟! قابیلە ئێرە وەزارەتی بەرگریە؟!

جەنابی وەزیر پێمان خۆشبوو جەنابتان داواتان کردبوو دام و دەزگاکان بۆ پیرۆزبایی نێنە لای جەنابتان لە وەزارەت جەنابتان ئەم دام و دەزگایانە بەسەر دەکەنەوە و گوێ لە گلەیی و پێداویستییەکانیان دەگرن ئەمە ئاراستەیەکی چاکە خۆزگە کۆمەڵێك لە تیپە هونەریەکانیشت بەسەر دەکردەوە، چونکە ئەوان کۆنتاکیان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری هەیە لەوانەیە زۆر کار و پرۆژەی چاکیان هەبووبێ و ئەنجام نەدرابێ یان گلەیی و گازندەیان لە ئەدای هەندێ لایەن، حەز ناکەم سەرتان بێشینم زیاتر لەبەر ئەوەی بەندە نزیکەی چل ساڵە لە بواری هونەرو رۆشنبیری کار دەکەم رەنگە ئاگاداری هەندێ لە موعاناتی هونەرمەندان بم کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ:

١- ئەگەر سەیری گۆڕەپانی هونەر بکەین لە کوردستان بەتایبەتی لە شاری هەولێر دەبینین زۆربەی زۆری کۆمەڵە و تیپەکان لە کارکەوتوون و چالاکیان کزە ئەویش لەبەر نەبوونی بودجە و پشتگیری پێویست پێشنیار دەکەین هەر تیپێك و بودجەیەکی ساڵانە یاخود شەش مانگی بۆ دابین بکرێ ئەگەر بوودجەکە لە شوێنی خۆی خەرج کرابوو ئەوا لەگەڵی بەردەوام بن، ئەگەر نا ئیدی ئەم بودجەی لێبڕن، چونکە ئەو دەرماڵەی ئێستای تیپەکان چالاکی پێ ناکرێ تەنیا خەرجی بارەگا نەبێ وەك چاو قاوە و میوانداری.

٢- بەڕێز خاوەنی کۆمەڵێك تەلەفزیۆنین، کە پێویستە بەرنامەکانیان بێ بەش نەبێ لە فیلم و زنجیرە دراما، خەڵك بێزار بووە لە هەواڵ و مێزگرد و سیاسەت، تاکو ئێستا تەلەفزیۆنەکان، و کۆنەکان پەخش دەکەن، خەڵك بێزار بووە، هەندێ فیلم و دراما هەیە بە دەیان جار نمایش کراوە، بەلای کەم تەلەفزیۆنی نەورزۆ کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییە پێویستە ئەم کەلێنە پڕبکاتەوە لە ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ لەسەردەمی بەڕێز کاك سامی شۆرش کە دەرگای خستبووە سەر پشت بۆ بەرهەمهێنانی شانۆگەری و فیلم و دراما لە پاش ئەو مێژووە دراما فەرامۆش کرا، راستە لەوانەیە هەندێ کاری کرچ و کاڵ ئەنجام درابێ ئەوە شتێکی حەتمیە ئەگەر کاری زۆر بکرێ هەموو پرۆفیشناڵ نابێ، دەکرێ ئێستا هەر تەلەفزیۆنی نەورۆز بەپلان و ستایلێکی نوێ دراما بەرهەم بهێنێ بۆ نموونە خۆی ببێتە لایەنی بەرهەم هێنەر، پاش ئامادەکردنی سیناریۆ دەکرێ دەرهێنەر دەست نیشان بکرێ و ئەو ئەکتەرەکان و ستافەکە دیاری بکات بەڵام لەلایەن پاداشت تەلەفزیۆن بەر پرسیار بێت، ئەوە تەنیا پێشنیازە مەرج نییە سەد دەر سەد پیادە بکرێ.

٣- لە کاتی خۆی کە رێزلێنان بۆ هونەرمەندان تەرخان کرا راستە کەم و کوڕیەکی زۆری تێدابوو، زۆر و بۆر بوو وایلهێات ئەوانەی رێزلێنانیان وەرگرت سوپایەکی گەورە بوون، خەڵکانێکی لەخۆ گرتبوو مافی هونەرمەند و رۆشنبیری بەسەرەوە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رێزلێنانە بۆ هەندێ هونەرمەند دەرمانی دەردان بوو توانیوویان بژێوی خۆیان لەسەر ئەمە رێکبخەن،کاتی خۆی رێزدار سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر رێزلێنان دا کە چین و توێژێکی شایستەنە دەکرێ ئەم رێزلێنانە جارێکیتر بەشێوەیەکی پوختر بۆ هونەرمەندان بگەڕێننەوە چونکە زۆر لە هونەرمەندان دەستکورت و کەم دەرامەتن .

٤- کاتی خۆی نوێنەرانی کۆمەڵەکەی ئێمە و تیپی هونەری هەولێر داوایان لە شەهید فەرەنسو هەریری کرد کە بارەگایەکی شایستە بۆ تیپەکان دروست بکرێ، کاك فەرەنسۆ توانی لایەنی پەیوەندیدار رازی بکا، بۆ دروستکردنی کۆشکی هونەر، لە کردنەوەی ئەم کۆشکە رێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی فەرمووی ئەمە شتێکی کەمە دەرهەق بە هونەرمەندان، چونکە ئەوان هەردەم وەك پێشمەرگە بووینە و شمشێری داگیرکەر لەسەر ملیان بوو دەکرێ شتی زیاتریان بۆ بکرێ کەچی کۆشکی هونەر ئێستا تەلەفزیۆنی نەورۆزەو، بارەگای تەلەفزیۆنی نەورۆز کە لەسەر رێگای مەسیفە نازانم بۆ کێیە؟!

٥- ساڵی ١٩٧٤ ز. لە سەردەمی رژێم بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی لە بەغدا یەکەم ڤیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا لە ١٩٧٤/٢/٢٨-١٩٧٤/٣/٣ سازکرد هەموو تیپ گرووپە هونەریەکان بەشداریان تێدا کرد لە گۆرانی و مۆسیقا و شانۆگەری، دەکرێ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ساڵانە فیستیڤاڵێك ساز بکات بۆ هەموو تیپ و گرووپە هونەرییەکانی هەرێم و کوردستانی گەورەش لە مانگی سێ هەموو ساڵێك بە بۆنی هاتنی نەورۆز و بەهار.

٦- زۆر لە گرووپە میوزیك ژەن و گۆرانی بێژان گلەیی ئەوەیان هەیە، کە ئەلبومی گۆرانی نوێیان ئامادەیە، بەڵام لەسەر دەست کورتی ناتوانن تۆماری بکەن و بیکەن بە کلیپ، دەکرێ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان گرنگیەك بەو گۆرانیبێژە رەسەن و پرۆفیشناڵانە بدات ساڵانە یەك دوو کلیپیان بۆ ئەنجام بدات، راستە ئەمە کراوە بەڵام بە میزاج بووە، ئەوانەی لە بۆنەکان لە دەرەوە بانگهێشت دەکرێن کە دێنەوە هەموو شتێکیان بۆ دەکرێ هەندێکیش هەر ناخ و حەسرەت هەڵدەکێشن.

٧- واباوە پاش کۆچ کردنی هونەرمەند و رۆشنبیر و پێشەنگ و دێرینەکان ئەوانەی خزمەتێکی بەرچاوی هونەر و وێژەیان کردووە، رێزیان لێدەگیرێ و خانەوادەکەی پادشات دەکرێ، یا لیژنەیەکی پسپۆر لە وەزارەتی رۆشنبیری پێکدێ بۆ رێزگرتن لەم داهێنەرانە هەتا لە ژیان ماون تاکو هەست بکەن کە ئەرك و ماندوو بوونیان بە فیرۆ نەچووە.

٨- بە چاپ گەیاندنی بەرهەمی هونەرمەندان و شاعیران و نووسەران لە تێکست، شیعر، رۆمان، کورتە چیرۆك، و بابەتە رەخنەییەکان بە شێوەیەکی پوخت و عادیلانە بۆ ئەوەی هانا نەبەن بۆ ئەولا و ئیملا.

٩- کردنەوەی ناوەندێکی ئەرشیفی تیایدا بەرهەمە هونەریەکان بە دەنگ و رەنگ و نووسین بەشێویەکی جوان هەڵبگیرێ، چونکە ئەمە دەبێتە خەرمانەیەکی هونەری نەوەی داهاتوو و ئێستاش بۆ دیراسات دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن، زۆر لەو کەسانەی نامەی ماستەر و دکتۆرا پێشکەش دەکەن لە بواری هونەر زۆر هیلاك دەبن بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەکان، لەگەڵ رێزمدا

## شەهێن تاڵەبانی:

# گۆرانیبێژمان زۆرە بەڵام هونەرمەندمان کەمە



شەهێن تاڵەبانی دوای ٤٠ ساڵ لە تۆمارکردنی یەکەمین گۆرانی خۆی، ئێستاش بە هەمان عیشقەوە گۆرانی دەڵێت و بە خۆشەویستییەوە باس لەجەماوەرەکەی دەکات، ئەو خاوەنی دەنگێکە کە هەمیشە لەکاتی بڵاو بوونەوەی هەر بەرهەمێکی نوێدا جێگای خۆی لەناو دڵی خەڵکدا دەکاتەوە، شەهێن تاڵەبانی ئێستا لە کوردستانە بە مەبەستی ئەنجامدانی کۆنسێرت بە بۆنەی هاتنەوەی ساڵی نوێ هەروەها نیازی وایە بە یەکجاری لە کوردستان بمێنێتەوە، هەرچەندە میوانی هەبوو وە زۆر سەرقاڵ بوو بەڵام بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.

*** هاتنەوەت بۆ کوردستان بە چ مەبەستێک بوو؟**

_ سوپاس بۆ ئێوە لە گۆڤاری گوڵان، هەمیشە گوڵ بن، هاتووم بۆ ئەوەی لە کوردستان بمێنمەوە، هەوڵ ئەدەم بە یەکجاری بمێنمەوە، هەروەها مەبەستێکی تریشم ئەنجامدانی کۆنسێرت بوو بۆ ساڵی نوێ، سەرەتا بڕیار بوو شەش کۆنسێرت ساز بدەم بەڵام ڕێکنەکەوت، ئێستا بەنیازی ئەنجامدانی دوو کۆنسێرتم یەکەمیان ڕۆژی ٣ ی مانگ لە هەڵەبجە و ئەویتریان ٥ ی مانگ لە سۆران، هیوادارم بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچن، دوای ئەمە ڕووەدەکەمە ئوسترالیا بۆ ئەنجامدانی دوو کۆنسێرت، دواتر دەگەڕێمەوە کوردستان وە هیوادارم بتوانم بە یەکجاری بمێنمەوە،ئەو کاتە زیاتر بەرهەمم دەبێت و دەتوانم زیاتر کاری نوێ پێشکەشی ئازیزانم بکەم کە زۆرم خۆشدەوێن.

*** ڕات چییە بەرامبەر دەنگە نوێیەکان، بەو پێیەی ساڵانێکی زۆرە گۆرانی دەڵێیت پێتوایە نهێنی مانەوە و بەردەوام بوونی ئەو دەنگە نوێیانە چییە؟**

_ پێویستە دەنگی نوێ دروست بێت و بێنە پێشەوە من بە خۆشحاڵییەوە ئەمە دەڵێم، بەڵام ئەوان پەلە دەکەن و کارناکەن لەسەر دەنگیان، لەهەمان کاتدا دەبێت بزانن چۆن ئاواز و هۆنراوە هەڵدەبژێرن، زۆر لەوانە گۆرانی وا هەڵنابژێرن کە بۆ هەمیشە بمێنێتەوە، پێویستە کاری نوێ بکرێت و دەنگی نوێ دروست بن بەڵام ئەگەر کارەکانیان لەچوارچێوەی هونەری کوردیدا نەبێت ناتوانن جێگای خۆیان بکەنەوە لەناو دڵی خەڵکدا.

*** حەز دەکەی زیاتر شیعری کام شاعیر بکەیتە گۆرانی؟**

_ ئەو شاعیرەی وشەکانی لەناخی دڵیەوە هەڵئەقوڵێن، هەمیشە لە دڵی خەڵکدایە و ڕاستیەکان دەخاتە ڕوو،جەماوەر زیاتر حەزی لەو گۆرانیانەیە کە لەگەڵ ناخی ئەگونجێت، بۆ من جیاوازی نییە و گرنگ نییە ئاخۆ شاعیرەکە پیاوە یان ژنە زۆر کەس شیعرم بۆ دەنێرن، ئەو شیعرەی لە دڵی من جێگای خۆی دەگرێت و هەست ئەکەم جێگای خۆی لەناو دڵی جەماوەردا دەکاتەوە ئەوە هەڵدەبژێرم. مامۆستا بورهان موفتی زادە ئاوازدانەری منە دەزانێت من چیم دەوێت و ستایلی من دەزانێت و ئاگادارە جەماوەر حەزی لە چ گۆرانییەکە، بۆیە زۆربەی ئاوازەکانم بە دڵە.

*** خۆشترین گۆرانی شەهێن تاڵەبانی کام گۆرانییە کە لەهەموویان زیاتر لەدڵتەوە نزیک بێت؟**

_ جەماوەرەکەم چییان پێ خۆش بێت من ڕێزم هەیە بۆ ئەو جەماوەرە، گۆرانی سەبری دوای ئەو هەموو ساڵە جێگایەکی تایبەتی گرتووە لەناو دڵی خەڵکدا دوای ئەویش گۆرانی شارەکەم سنە، من هەموو گۆرانییەکانی خۆم خۆشدەوێن و هەست ئەکەم خەڵک خۆشیان دەوێن.

***باسی گۆرانی (سەبری)ت کرد، ئەوە یەکەم گۆرانی تۆ بوو دەکرێت بزانین لەساڵی چەند بوو؟**

_سەبری یەکەمین گۆرانی بوو کە تۆمارم کرد، لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکان بوو ساڵی ١٩٧٠ یان ١٩٧١ بەتەواوی لەیادم نەماوە، دوای ئەوەش گۆرانییەکی ترم تۆمار کرد.

***دوای ٤٠ ساڵ گۆرانی گوتن، هونەر چی بە شەهێن تاڵەبانی بەخشیوە و چی لێ سەندۆتەوە؟**

_زۆر شتی بە من بەخشی جەماوەرێکی زۆرم بەدەستهێناوە ئەوە گەنجینەیەکی گەورەیە بۆ من، هەمیشە دەڵێم من یەکێکم لە ژنە دەوڵەمەندەکانی دنیا بەوەی کە جەماوەرم زۆرە،هەموویان تەمەن درێژ بن،ئەوەی هونەر لەدەست منی دابێت ئەوەیە کاتم کەمترە بۆ خانەوادەکەم، بەڕاستی منداڵەکانم و خانەوادەکەم منیان بەخشیوە لەوەی لەبەر کاری هونەری و جەماوەرەکەم هەندێ جار کاتم نییە بۆ ئەوان.

*** بە دەنگی کێ سەرسامی؟**

_ نامەوێ ناوی کەس بێنم بەڵام بەڕاستی قسە دەکەم، هونەرمەند کەمە ئەوەی بە مانای هونەرمەند دێت کەمە لەبەر ئەوەی هونەر شتێکی زۆر گەورەیە، گۆرانیبێژ زۆرە بەڵام هونەرمەندمان کەمە، جیاوازیش زۆرە لەنێوان هونەرمەند و گۆرانیبێژ.

*** نیازی گۆرانی گوتنت نییە بە شێوەزاری بادینی؟**

_ بەڵێنم داوە و حەزدەکەم لەئایندەیەکی نزیکدا گۆرانی بە بادینی بڵێم.

*** تا چەند گەشبینی بەرامبەر ئایندەی هونەری کوردی؟**

_ ڕاستییەکەی ژمارەی کەسانی بەتوانا و گرووپی میوزیک لەزیادبووندان، بەڵام ئەگەر بڵێم زۆر گەشبین نیم بەهۆی ئەوەیە تەلەفزیۆنەکان تۆزێک نادادپەروەرانە کاردەکەن، زۆر جار گۆرانی هونەرمەندی بەتوانا بڵاو ناکەنەوە کەچی هەندێک گۆرانیبێژ هەن زۆر گۆرانیان بڵاو دەکرێتەوە.

*** هیچ نهێنییەکت لەدڵدایە تا ئێستا لای کەست ئاشکرا نەکردبێت و ئێستا باسی بکەی ؟**

_ شتێکی وام نییە باسی بکەم، هەندێ نهێنی هەیە ناتوانی باسی بکەی، شتێکم لەدڵدایە هەرگیز باسی ناکەم.

*** چی وای کردووە تا ئێستاش هەر بە عیشقەوە گۆرانی بڵێی؟**



_ لەبەر ئەوەی کوردم شانازی بەخۆمەوە دەکەم،ئەو کورد بوونە و ئەو خۆشەویستییەی گەلی کورد بە منی بەخشیوە وای کردووە هەر بەردەوام بم، هەندێ جاریش خەمم هەیە خەمەکە ناچارم ئەکات گۆرانی بڵێم بۆ ئەوەی لەبیرم بچێتەوە.

***دوای ئەلبوومی دووری، هەواڵی ئەلبوومە نوێیەکەت چییە؟**

_ بەداخەوە سیدی دووری بەشێوەیەکی جوان بڵاو نەبووەوە، زۆر کەم ڕیکلامی بۆ کرا، هیوادارم بتوانم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرهەمی نوێم پێشکەش بکەم. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستم بۆ گوێگرانم داوایان لێدەکەم سیدی کۆپی نەکرن بۆ ئەوەی غەدر لە هونەرمەند نەکرێت،زۆر کەس ڕێز لەماندووبوونی هونەرمەند دەگرێت و ئۆرجیناڵەکەی دەکرێت، هیوادارم جەماوەر کاسێتی کۆپی نەکرن.

**هەمیشە دەڵێم من یەکێکم لە ژنە دەوڵەمەندەکانی دنیا بەوەی کە جەماوەرم زۆرە هەندێک لە تیڤییەکان ناداد پەروەرانە کار دەکەن گۆرانی هونەرمەندی بەتوانا بڵاو ناکەنەوە کەچی هەندێک گۆرانیبێژ هەن زۆر گۆرانیان بڵاو دەکرێتەوە**

***یومنا شری یەکێکە لە سەرکەوتووترین ڕاگەیاندنکارە لوبنانییەکان لە هەرسێ بواری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە، تا ئێستا لە چەندین کەناڵی جۆراوجۆری عەرەبی لە لوبنان و وڵاتانی دیکەی کاری کردووە لەوانەش کوێت، هەروەها جگە لە زمانی عەرەبی بە زمانی فەرەنسیش بەرنامەی***

# یومنا شری بۆ گوڵان:

# نەجوا کەرەم باسی

*** ئەگەر هەندێك باس لە سەرەتاکانی کاری خۆت بکەی وەك ڕاگەیاندنکارێك؟**

- من پسپۆڕی و خوێندنم ڕاگەیاندنە سەرەتا وەك بێژەری زمانی فەرەنسی کارم کردووە لە ڕادیۆیەکی لوبنانی، دواتر ڕووم لە تەلەفزیۆن کرد و تا ئێستاش بەردەوامم.

*** ئێستا ژمارەی ڕاگەیاندنکارەکان زۆر بووە، بێژەرێکی سەرکەوتوو چۆن دەتوانێت شوێنی خۆی بکاتەوە لە نێو ئەم هەموو بێژەرەدا؟**

- هەر کەسێکی سەرکەوتوو لە هەر بوارێکدا کار بکات دەتوانێت سەرکەوتوو بێت و تا ڕادەیەکی زۆریش بەردەوام بێت، من پێموایە بوونی کەسی زۆر لەو بوارەی تێیدا کار دەکەم هاندەرێکی زیاتر و باشترە بۆ من تاکو زیاتر هەوڵ بدەم خۆم پێش بخەم.

*** ئایا توانا و لێهاتوویی و ئاستی ڕۆشنبیری بەسن بۆ ئەوەی بێژەر سەرکەوتوو بێت؟**

- ئاستی ڕۆشنبیری بەرز وشارەزایی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەر بێژەرێك، چونکە پێویستە بێژەر جا لە هەر بوارێك بێت ئاگاداری بەلایەنی کەم هەندێك لە وردەکاریەکانی ئەو بوارە بێت کە تێیدا کار دەکات.

*** ئەی ڕوخسار و شێوەی دەرەوەی بێژەر بەتایبەتی ئافرەتان چ ڕۆڵێکی هەیە لەم ڕووەوە؟**

- ئەویش تا ڕادەیەك گرنگە، بەڵام لەدوای شارەزایی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە دێت، بیریشمان نەچێت هەموو بێژەرێك دەبێ بزانی چۆن دەربکەوێت لەبەردەم بینەراندا.

*** ئێستا کاری ڕاگەیاندن بووەتە پیشەیەك، ئایا کرێی بەستنی گرێبەست لەگەڵ هەر کەناڵێك بێت بۆ تۆ شتێکی ئاساییە هەرچەندێك بێت؟**

- ڕاستە ڕاگەیاندنیش کار و پیشەیە کە ئێمە بژێوی ژیانی خۆمان لەم ڕێگایەوە پەیدا



پێشکەش کردووە، لەبەر لێهاتووی چەندین جار خەڵات کراوە و چەندین نازناوی تایبەتی بواری ڕاگەیاندنی بەدەستهێناوە لەوانەش باشترین بێژەری عەرەبی کە لە کوێت بەدەستی هێنابوو.

بەر لە هاتنی سەری ساڵی نوێ پەیوەندیمان پێوە کرد بۆ ئەوەی دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشکەشکاری ئاهەنگی سەری ساڵ بوو کە نەجوا کەرەم لە قەتەر سازی کرد بوو نەیتوانی تا کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکانی سەری ساڵ وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە و لە کۆتاییدا بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



# کوردستانی بۆ کردم و زۆر دڵخۆش بوو بەسەردانەکەی

دەکەین، ئاسایشە گرێبەستەکانمان هەندێك مەرجی تایبەتی تێدا بێت کە لە بەرژەوەندی ئێمەدا بێت، چونکە دەزگا و کەناڵەکانیش سوود لە تواناکانی ئێمە وەردەگرن.

*** ئایا ڕاستە کرێی ئێوە ئێستا لە کرێی گۆرانیبێژەکان بەرزتر بووە؟**

- نەخێر ئەمە ڕاست نییە، بەڵام بیرت نەچێت هەر ڕاگەیاندنکارێك یان بێژەرێك ئەگەر ڕۆژانە دەرنەکەوێت لەسەر شاشە ئەوا بەلایەنی کەمەوە هەفتانە زیاتر لە جارێك دەردەکەوێت و بەرنامەیەك پێشکەش دەکات، بەڵام گۆرانیبێژان لە ئاهەنگەکان دەردەکەون و هیچ هونەرمەندێك ناتوانێت ڕۆژانە ئاهەنگ پێشکەش بکات.

*** نازناوی مانگی ڕاگەیانی عەرەبی بۆ تۆ چ دەگەیەنێت؟**

- هەر کەسێك ئەگەر لە بوارەکەی خۆیدا خەڵات بکرێت ئەوا دەبێتە هاندانێکی زیاتر بۆی، چونکە هەست دەکات کەسانێك هەن ڕێز لە کارەکەی دەگرن و لەو کارەی پێشکەشی دەکات ڕازین وئەرك و ماندوو بوونەکەیان لە پێش چاوە، بۆیە من زۆر دڵخۆشم بەو نازناوە و شانازیشی پێوە دەکەم.

*** دەڵێن تۆ داوای قەرەبووت لە پزیشکێکی جوانکاری کرد بوو، چونکە شێوە و ڕووخساری دەمو چاوی تۆی تێکدا بوو، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- ئەم کێشەیە کۆتایی هاتووە و بەو شێوەیە نەبوو کە ڕاگەیاندنەکان باسیان کرد و زیاد لە پێویست گەورەیان کرد بۆیە من نامەوێ باسی بکەم.

*** ئایا تۆ پێویستت بە نەشتەرگەری جوانکاری هەیە؟**

- من پێموایە جاری وا هەیە پێویستە مرۆڤ جوانکارییەك بکات ئەویش ئەگەر زۆر پێویست بوو نەك جوانکاری لە پێناو ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

*** لەکار کردندا هێڵی سوورت هەیە؟**

- نەخێر، بەڵام لە ژیانی ئاساییدا هەموو مرۆڤێك پێویستە هێڵی سووری هەبێت بۆ ئەوەی خۆی نەیبەزێنێت لە هەمان کاتدا ڕێگا بە کەسانی تریش نەدات بیبەزێنن، منیش هێڵی سوورم هەیە لە ژیانی خۆمدا و ناتوانم بیانبەزێنم کە ئەویش ڕەنگدانەوەی ڕەفتار وپەروەردەی منن.

*** کەنداویەکان زۆر گرنگی بە ڕاگەیاندنکار و هونەرمەندە لوبنانییەکان دەدەن پێتوایە هۆکارەکەی چی بێت، ئایا ئەوان کەسیان نییە لە ئاستی ئێوەدا بێت یان هۆکارێکی دیکە هەیە؟**

- بێگومان لە وڵاتانی کەنداو ڕاگەیاندنکار و هونەرمەندی زۆر بە توانا و سەرکەوتوو هەن، بەڵام ڕەنگە ئەو ئازادییەی ئێمە لە لوبنان هەمان ئەوان نەیانبێت، هەروەها ژمارەی کەناڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی کەنداو زۆرە بۆیە پێویستیان بە ڕاگەیاندنکاری دیکەش دەبێت لە وڵاتانی دیکە، بۆیە پشت بە لوبنانیەکان دەبەستن، بۆ ئێمەی لوبنانیش ڕەنگە لەلایەنی ماددییەوە سوودی زیاتری هەبێت کە لە کەنداو کار بکەین.

*** ئەی بۆچی هەموو هونەرمەندە لوبنانییەکان هەوڵ دەدەن بەشێوەزاری کەنداوی گۆرانی بڵێن؟**

- ئەویش لەبەر هەمان هۆکارە، هونەرمەندەکانمان هەوڵ دەدەن لە کەنداو جەماوەریان هەبێت بۆیە سوود لە دەنگی خۆیان وەردەگرن، ئەمەش وەك گوتم لە لایەنی ماددییەوە سوودی هەیە.

*** بەڕای تۆ باشترین ڕاگەیاندنکاری لوبنانی وعەرەبی و جیهانی کێن؟**

- داوای لێبوردن دەکەم ناتوانم بە ناو دەستنیشانیان بکەم بۆ ئەوەی کەس لە خۆم تووڕە نەکەم، بەڵام ئێمە لە لوبنان بەتایبەتی و جیهانی عەرەبی بە گشتی خاوەن ڕاگەیاندنکاری زۆر بە توانایین لەسەر ئاستی جیهانیش ڕاگەیاندنکاری بەناوبانگ هەیە کە لەسەرتاسەری جیهان ناسراون.

*** چۆن دەتوانی سەرکەوتوو بیت لەکاتی پێشکەش کردنی بەرنامەکان؟**

- دوورکەوتنەوە لە شڵەژان هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی بێژەر ئەوەیە لە کاتی وێنەگرتنی بەرنامە کۆنترۆڵی تەواوی بەسەرخۆیدا هەبێت، هەروەها بەر لە تۆمار کردن یان وێنەگرتنی بەرنامە پێویستە بێژەر لە گیرو گرفتەکان دوور بخرێتەوە نەوەك لە کاتی وێنەگرتن یان پێشکەش کردنی بەرنامە یان ئاهەنگدا کۆنترۆڵی بەسەر خۆیدا نەمینێت کە ئەمەش بە ئاشکرا لە بەرنامەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

*** ئایا هیچ تایبەتمەندییەك هەیە کە تۆ لە بێژەرانی تر جیا بکاتەوە؟**

- ئەمە دەبێ بینەران بڕیاری لەسەر بدەن نەك من، چونکە ئەوان زیاتر من دەبینن و لایەنە باش و خراپەکانی من زیاتر لای بینەران بە دیار دەکەوێت.

*** وەك ڕاگەیاندنکارێك چ زانیارییەکت هەیە لەسەر گەلی کورد و کێشەکەی؟**

- بەر لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵ و گەڕانەوەی نەجوا کەرەم لە عێراق هیچ زانیاریم نەبوو، بەڵام نەجوا باسی سەردانەکەی بۆ شاری هەولێر کرد، سەرسام بوو لەو پێشکەوتن و ئارامییەی لە کوردستان هەیە و بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، زۆر دڵخۆش بوو بەو کەشوهەوایە کە بینی بووی، چونکە بەر لەوەی بێتە کوردستان زۆر لە کەسە نزیکەکانی ئاگاداریان کردەوە لەوەی ئەم ئاهەنگە ئەنجام نەدات و نەچێتە عێراق، منیش لێرەوە ڕێز و سڵاوم بۆتان هەیە و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانم سەردانی عێراق بکەم و زۆر سوپاسی ئێوەش دەکەم بۆ ئەم دیمانەیە.

## ڕەزان:
# من جێگرەوەی سوعاد حوسنیم

کچە هونەرمەند و راگەیاندنکاری لوبنانی رەزان مەغربی رایگەیاند کە ئەو هونەرمەندێکی گشتییە و لەسەر رێچکی خوالێخۆشبوو سوعاد حوسنی هەنگاو دەنێت کە هەر لە منداڵییەوە بە نموونەی بەرزی خۆی زانیوە، رەزان هەروەها لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ویب سایتی دونیا ئەلوەتەن رایگەیاند:
هەر لە منداڵییەوە خەونم بەوەوە دەبینی رۆژێك لە رۆژان بگەم بە ئاستی سوعاد حوسنی و هەمان سەرکەوتنەکانی ئەو دووبارە بکەمەوە، بەڵام ئەوەندە بۆ من زۆرە کە هونەرمەندێکی گەورەی وەك عەمار ئەلشریعی بە جێگرەوەی سوعاد حوسنی وەسفم بکات.



## مایلی سایرۆس:
# سەرەڕای بچووکی تەمەنی ژمارە پێوانەییەکان دەشکێنێت



کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی مایلی سایرۆس ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد لە ژمارەی جەماوەردا کە لە ئاهەنگەکانی ئامادەبوون، دوای ئەوەی لە ئاهەنگێکدا کە لە گۆڕەپانێکی شاری لەندەن ئامادە بوون.
لەم بارەیەوەی گۆڤاری (ئۆکی) بەریتانی رایگەیاند کە سایرۆس لەبەردەم ١٦١٩٦ کەس گۆرانی لەو گۆڕەپانەدا گوتووە، گۆڤارەکە هەروەها رایگەیاند سایرۆسی تەمەن ١٨ ساڵ ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵە ئاهەنگێك لە بەریتانیا و تەنیا دوای چەند کاتژمێرێك لە راگەیاندنی پلیتەکان هەموویان فرۆشران.

# بیۆنسی و هاوسەرەکەی دەیانەوێ نازناوی خۆیان بگۆڕن



ئەستێرەی هێپ هۆپی ئەمریکی جای زی و هاسەرەکەی بیۆنسی بریاریانداوە نازناوی خۆیان بگۆڕن، لەم بارەیەوە رۆژنامەی دایلی ستاری بەریتانی بڵاوی کردەوە کە ناوی راستەقینەی جای زی شاون کارتەرە. بۆیە جای زی تەمەن ٤٠ ساڵ دیەوێ ئێستا بە ناوی شاون نۆلز کارتەر بناسرێت، لە کاتێکدا بیۆنسی تەمەن ٢٨ ساڵ دەیەوێ لەمەودوا ناوی بکرێتە بیۆنسی نۆلز کارتەر، رۆژنامەکە لەسەر زاری جای و بیۆنسی بڵاویکردەوە کە هەردووکیان دەیانەوێ ناوی نۆلزیان بمینێت کە ناوی باوکی بۆینسییە و دایك و باوکی بیۆنسی هیچ منداڵییان نییە، بۆیە دەیانەوێ ناوی خانەوادەکەیان بەهێز بمینێتەوە بەتایبەتی ئەگەر منداڵیان نەبێت یان ئەگەر تەنیا کچیان هەبوویێت.

## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# "ئەڤاتار" پلەی یەکەم بەرنادات، وەنگاوێکی بڕی بۆ شکاندنی ژمارە پێوانەییەکان

"هەرخۆم دەبێت ژمارەی پێوانەیی خۆم بشکێنم" . ئەم رستەیە گوتەی دەرهێنەری بەناوبانگ "جێمس کامیرۆن"ـە لەکاتی یەکەم نمایشی فیلمی ئەڤاتار، کە بۆ هەفتەی سێیەمە لە پلەی یەکەم ماوەتەوە.

کامیرۆن بەدەرهێنانی فیلمی "تایتانیك" توانی یەك ملیار و ٨٤٢ ملیۆن دۆلار پەیدا بکات، کە ئەمە ژمارەیەکی پێوانەییە و تائێستا هیچ بەرهەمێکی سینەمایی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە، بۆیە لێرەدا ئەو رستەیەی سەرەوەمان دێتەوە بەرچاو، و دەپرسین ئایا ئەڤاتار دەتوانێت ئەو ژمارەیە بشکێنێت؟ رەنگە لەهەفتەی یەکەمدا وەڵامی زۆربەی چاودێرانی سینەمایی بەنەرێ بوبێت، بەڵام بەتێپەڕبونی ١٧رۆژ بەسەر ئەڤاتار وەڵامەکان دەگۆڕێت، چونکە فیلمی ناوبراو لەماوەی ئەو نیو مانگەدا زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری لەسینەماکانی جیهان پەیداکردووە، بەمەش دەبێتە فیلمی چوارەم بەپێی زۆرترین داهات لەمێژووی سینەمادا.

ئەو ژمارە پێوانەییانەی ئەڤاتار شکاندویەتی:

یەکەم: تێچونی فیلمەکە گەیشتۆتە نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار کەتائێستا زۆرترین خەرجییە بۆ فیلمێك. دووەم: خێراترین بڵاوبونەوە، چونکە هیچ فیلمێك تەنها لەماوەی ١٧ رۆژ یەك ملیار دۆلاری پەیدا نەکردووە. سێیەم: یەکەم فیلمە کە گرتەکانی لە نێوان راستی و هونەری کۆمپیوتەر بێت کە بگاتە ئەو پلەیە.

ئەو ژمارە پێوانەییانەی کە ئەڤاتار دەخوازێت بەدەستی بهێنێت:

یەکەم: شکاندنی ژمارە پێوانەیی زۆرترین داهات. دووەم: وەرگتنی زۆرترین خەڵاتی سینەمایی وەك "ئۆسکار"، "گۆڵدین گلۆب" ..

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:



١- (Avatar) ٦٨،٣٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٥٢،١١١ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:١.

**باشترین ١٠ فیلمی ئەم هەفتەیە هەمان فیلمەکانی هەفتەی پێشوون**



٢- (Sherlock Holmes) ٣٨،٣٨٥ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٤٠،٦٧٥ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو٢.



٣- (Alvin and the Chipmunks: The Squeakquel) ٣٦،٦٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٥٧،٣٤٥ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو: ٣.




٤- (It's Complicated) ١٨،٧٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٩،١٠٥ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٤.



٥- (The Blind Side) ١٢،٦٥٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٠٩،٠٥٢ ملیۆن$، بە٧ هەفتە، پلەی پێشو:٥.





٦- (Up in the Air) ١١،٣٥٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٥،٠٢٠ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو:٦.



٧- (The Princess and the Frog) ١٠،٠١٣ ملیۆن$، کۆی داهات: ٨٦،٠٨٥ ملیۆن$، بە٦ هەفتە، پلەی پێشو:٧.




٨- (Did You Hear About the Morgans?) ٥،٢٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٥،٦٢٠ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو: ٩.




٩- (Nine) ٤،٢٥٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ١٤،٠٤٧ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٨.



١٠- (Invictus) ٤،١٣٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٠،٧٥٥ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:١٠.

ئا: عەبدوڵا چنگیانی